# ڕستێک لە پەند وهەڵبەستەکانی تاگوور

## خوایە !

نەمکەیتە کوژەر بەرخ سەربڕم، و نە بە بەرخ تا کوژەر سەرمبڕێت.

ڕامهێنە بەوەی ڕاستگۆبم لەڕووی زۆردار، نەوەک هەرزەگۆ لاواز چەپڵەم بۆ لێدەن.

کەسامانم ئەدەیتێ شادیم لێ مەبڕە، و کەهێزم ئەدەیتێ هۆشم لێ مەسەنە، و کەپایەدارم ئەکەیت هەستی لەخۆبووریم لەیاد مەبە، و کەبەهرەی لەخۆبووریم پێئەبەخشی ڕامهێنە پایە وڕێزی خۆ لەدەسنەدەم.

ڕامهێنە بەوەی کەسانی ترم وەکخۆم خۆشبوێ، و فێری ئەوەمکە سەرزەنشتی خۆمکەم بەڕادەی سەرزەنشتی کەسانی تر.

یارمەتیمدە پشتی وێنە ببینم، و نەهێڵی لەخۆڕا تاوانی پووچ بخەمە پاڵ نەیەرانم.

ئەوەم لەمێشکا بچسپێنە کە لیبوردن بەرزترین پایەی هێزە، و حەز بەتۆڵە یەکەم هەنگاوە بەرەو لاوازی.

نەهێڵی بەسەرکەوتن لەخۆ بایبم، یان کاتی سەرنەکەوتن ورەبەردەم. بەڵکوو هەمیشە ئەوەم بێنەوەیاد کە سەرنەکەوتن یەکەم پلەی ئەزموونە بۆ سەرکەوتن.

لەکاتی دەسکورتیما بیئاوات نەبم، وکاتی سەرنەکەوتن هەندەم هێز پێ بهێڵە زاڵمکا بەسەر نشوستییا، وئەگەر لە بەهرەی تەندروستیت بێبەش کردم بەهرەی باوەڕم بۆ بهێڵە.

ئەگەر خراپەم لەگەڵ کەسێ کرد هەندەم ئازاکە لێبوردنی لێ بخوازم، و ئەگەر کەسێک خراپەی لەگەڵ کردم هەندەم ئازاکە لێی ببوورم.

خوایە ! ئەگەر تۆم لەبیرکرد، تۆ من لەبیر مەکە .....

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## گفتوگۆ لەگەڵ خوا

لەخەوێکما لەگەڵ خوا ئەدوام،  خوا پرسی: تۆ ئەتەوێ گفتوگۆم لەگەڵکەی؟ من لەوڵاما وتم: ئەگەر کاتت هەیە. خوا پێکەنی ووتی: کاتی من بێپایانە.

چیت لەمێشکایە ئەتەوێ لەمنی پرسی؟ پرسیم: چشتێکی مرۆڤ زۆرت سەرسام ئەکا؟ خوا لەوڵاما وتی: باری منداڵییان. ئەوەی کەهەر لەمنداڵییەوە نەخۆشن، زۆریان پەلەیە تاگەورەبن، ئەوجا ئارەزووئەکەن منداڵبنەوە... هەروا ئەوەی کە تەندروستی خۆ ئەدۆڕێنن، بەهەڵپە بۆ پارە پەیداکردن وپاشان پارەکە خەرج ئەکەن تا دووبارە تەندروستی پێ بکڕنەوە... بەوەیش کە لەپێناو ئایندەدا باری ڕۆژ فرامۆش ئەکەن، سەرئەنجام نەژیانی ڕۆژیان دابین کردووە ونە ئایندە.

ئەوەیش کە بەشێوەیەک ئەژین گوایە هەرگیز نامرن وبەشێوەیەک ئەمرن گوایە هەرهیچ نەژیاون.

خوا بەدەسەکانی هەردوو دەسی گرتم وپاش ماوەیە بێدەنگی دووبارە پرسیم: وەک باوکێ چی ئارەزوو ئەکەی نەوەکانت فێربن؟ ئەو وتی: لەوە بگەن کەئەوان ناتوانن زۆر لەکەس بکەن ئەوینیان بن، تەنها ئەوی لەدەستیان بێ ئەوەیە ئەوان هەل بڕەخسێنن ئەوکەسانە لەخۆوە ببنە دوست.

بزانن کە خۆ بەراوردکردن لەگەڵ کەسانی تر نابەجێیە. بزانن کەئەوان ئەتوانن بەتەنها چەند چرکە برینی قووڵ لەدڵی دۆستێکا هەڵکەنن بەڵام ساڵانی ئەوێ تا ئەوبرینە سارێژبکەن. بزانن کە دەوڵەمەن کەسانی خاوەن سامان نییە، بەڵکوو ئەوکەسەیە کە بەکەمترین قایلە. بزانن کە کەسان هەن حەز بەدۆستایەتی ئەوان بکەن بەڵام نازانن چۆن هەستی خۆیان بۆ دەربڕن. بزانن کە ئەکرێت دوو کەس پێکەوە لەیەک خاڵ بڕوانن بەڵام هەرگیز وەک یەکی نایبینن.

بزانن کە مەرجنیە ئەوان تەنها کەسانی تر ببەخشن، بەڵکو پێویستە خۆیشیان ببەخشن.

ئەوجا من بە درووددەوە وتم: من سپاسی ئەو گفتوگۆیەتان ئەکەم، ئایا چیتر ماوە ئەتانەوێ نەوەکانت بیزانن؟

خوا بە زەردەخەنەیەکەوە وتی: تەنها ئەوە بزانن کە من لەئارادا هەم، هەمیشە.

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## ئاینی ساختە

ئەوانەی بەناوی ئاینەوە هانا بۆ پووچی ئەبەن ئەکوژن وئەکوژرێن
تەنانەت لەئاین لاداویش بەر ئافرینی خوا ئەکەون، بەئاینتەوە فیزلێمەدە
بەڕاشکاوی چرای هۆش هەڵئەکەن ودرووود ئەنوێنن
بۆ پەرتووک نا بەلکو بۆ گشت باشییەکی ناو دەروونی مرۆڤ
تایەفەگەر ئایندارێتی خۆی دەرئەخا
ئەوکاتەی مرۆڤێکی جیا لەئاینی خۆی ئەکوژێ
ئەو هەڵوێستەی بەپێی ڕەوشی هۆش نییە
کە ئاڵا خوێناوییەکەی لەپەرستگا هەڵئەکا
وئەهریمەن لەوێنەی خوا ئەپەرستێ
گشت ئەوەی بەدرێژایی چەرخ ڕوویداوە شەرمئانگیز ودڕندەیین
لەو پەرستگانەتانا ئەحەوێنەوە کەبوونەتە زیندان
دەنگی بڵندگۆی شێوێنەرتان ئەبیسم کە گەیشتووەتە ڕۆژگاری دوور
و بەگسکێکی دڕ گشت لایدەیەک ئەماڵێ
هەرچی مرۆڤ ئازادکا ئەوان ئەیکەنە کۆت
و هەرچی یەکیانخا ئەوان ئەیکەنە شمشێر
وگشت خامەیەکی ئەفینهاوەری کانییاوی ئەزەلی ئەکەنە بەندیخانە
ئەکۆشن بە بەلەمێکی کون ڕوبار ببڕن
خوایە ئاینی ساختە هەڵتەکێنە
و نابینایان ئازادکە
بابڕووخێ
بابڕووخێ پەرستگای خوێناوی ئەوان
با گرمەی هەور پەی ببات‌ە نێو زیندانی ئاینی ساختە
و تیشکی هۆشیاری بڵاوکە بەسەر ئەم سەرزەمینە زویرەیا

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

هەر کەڤاڤا ببیسیت
فرمێسکی منت یەتەوە یاد
وکاتێ ستەم ئەبینیت
ئەمەگی منت یەتەوە یاد
وکە هەست بەجەوری مرۆڤ بکەیت

www.koskikurd.com

بەزەیی منت یەتەوە یاد

*****

ئەگریت

وەک من لەپێشا گریام

ڕۆژگاریش ترۆتنەکا ئەخات

وەک تۆ منت ترۆکرد

مرۆڤ پێشێلت ئەکەن

وەک تۆ منت پێشێل کرد

*****

ئەوەن پێشبینییەکاننی من

کیژۆڵەی زەبوون

خوابکا ڕاست نەبن

وخوابکا منت لەیادچێ

چونکە یادەوەرییەکانی من

لێشاوی زووخاو و هەناسەساردین

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## لەبەرەبەیانا

دەنگی چارۆکەی بەلەمەکەت لەخەوی کردم

خانمی هاوگەشت،

پێم لەزەوی دابڕی تا دوای ئەو شەپۆلانە کەوم

کەسەرنجیان کێش کردم،

لەتۆم پرسی:

ئەشێ دورێنەی خەونەکانم پێگەیبن لەودوورگەیەی

ئەکەوێتە پشت ئاسمانی ئەرخەوانی؟

زەردەی بزەت بۆ ئەوپرسەم

وەک زەردەی ڕووناکی بوو بۆسەر شەپۆل

تارمایی لەسەر ڕۆژی پڕ لەگرمە ورەهێڵە لاچوو

با وگێژەڵووکە هەرجارەی لایەکی ئەگرت

دەریا ئەینکان

لەتۆم پرسی:

خولی خەونەکانی تۆ لەچلایەکن!

کەتا پاش گیانەڵای ڕۆژ

وەک کوورەی مردوو ئاکوژێنەوە؟

www.koskikurd.com

هیچ وەڵامێکت لێ دەرنەکەوت.

تەنیا چاوەکانت پێئەکەنین

وەک پێڵووی هەوری خۆرئاوا،

وا شەو داهات،

تارمایی تۆ بەرەو قووڵایی ئەچۆڕێتەوە

پرچت،

لەگەڵ شنەی با،

ختووکە سەر ڕوومەتانم ئەدا

و بۆنی خەمەکانم ئەلەرزێنێ.

کەدەستانم بەرچمکی کراسەکەت کەوت

لەتۆم پرسی:

ئەشێ باخی مەرگت لەپشتی ئەو ئەستێرەبیەبێ

خانمی هاوگەشت

کە بەئاوازی بێدەنگی تۆ ئەکرێتەوە؟

ورشەی بزەکانت لەناو

بێدەنگی شەوی ماتا

وەک ئەستێرەن لەناو تارمایی نیوەشەوا

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## نامە

لەخەو هەستام بینیم نامەیەکی بەیان هاتووە

نازانم ئەڵێ چی، چونکە بۆم نەڕەخساوە فێری خوێندن بم.

لەو پیاوە زانایە ئەگەڕێم با خەریکی پەرتووکەکانی بێ،

هەرگیز سەری نایەشێنم،

بشێ ئەو لەم نامەیە بگات؟

با لەتەوێڵی خۆمی بخشێنم ولەسەر دڵمی گیرکەم

کەبێدەنگی شەو دایەت

وئەستێرەکان یەک بەدوای یەکا کشان

نامەکە لەسەر ئەژنۆ ئەکەمەوە

وبەبێدەنگی

پەی بەوە ئەبەم چۆن بەوە بگەم کەلێی ئەگەڕیم،

نەمتوانی بگەمە ئەوەی تامەزرۆی زانینی بووم

بەڵام ئەو نامەیەی نەمتاونی بیخوێنمەوە

باری سووک کردم و ئەندێشەکانی لێکردم بەگۆرانی

www.koskikurd.com

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## لەلێواری ڕێ

تۆ بەکەناری دەریایا بەرەو پەرستگای دوور ئەچی؛
من درەختم،
بەسێبەرەکەم جەستەت ماچ ئەکەم.
ڕێمبە، ئەی پەرستیار،
ببمە هاوکاری بەشێ لەو کۆششەت
لەلێواری ڕێگا
ئەبمە چاودێری گەشتت،
وکاتی پەرستن، کە لەگوڵ نزیک ئەبیتەوە،
بەشێکی منیشی ئاوێتە ئەبێ.
ئەوی ڕەق ووشکە،
هەنێک نەرمی پێئەبەخشم؛
و ئەوەیشی نادیار ودوورە،
بەهەنێک فەڕی سەوزایی،
ڕوویەکی دیاری، پێ ئەبەخشم.
کەی منت ناسی
ئەوسا ڕێیەکەیشت ئەناسیتەوە،
و بەبەرەکانت
پاشەکشە ئەکات، لاواز ئەبێ، دەنگی ئەوەی خۆی بۆ بەخت کردی.
گەڵاکانم ئەلەرزن
بەتیژی گڕەی خۆری نیوەڕۆ،
ئاوازی ئەو نوێژە ئەڵێنەوە کە لەناخی دڵتایە.
بەرهەمەکانیشم ئاوێتەی بەرهەمی نوێژەکانت ئەکەم.
کەڕۆژیش لەشەوا ئەتوێتەوە
و گەشتەکەت تەواوئەبێ،
من لێرەیا تەنیا ئەوەستم، چونکە فرمانم تەواو بووە.
ئەوینی ئەم ڕێگەیە هەر لەدڵی منا ئەمێنێ
و لەمێشکی تۆیا من وەک بیرەوەری هەر ئەمێنم.
و لەپێناوتا، شادمان،
هەرچیم هەیە ئەیبەخشم!

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

www.koskikurd.com

## باڵەکانت مەقووچێنە

هەرچەن وا ئێوارە  ئەکشێ

بەنووزە و خاو

لەوەیایە بەیەک قریشکە

گۆرانییەکەت پێ ببڕێت؛

هەرچەن تۆ لەو ئاسمانە بێپایانەیا تەنیای،

و لەشت ماندوو،

دیارە بەورتەی خێرا

نوێژێکی بێچرپە

ڕەوانەی ئاسۆی ئەدیوی پشت پەردە ئەکەی –

هەرچەن وا تاریکی گشت لای پۆشی،

هەی مەل، مەلەکەم،

باڵەکانت مەقووچێنە

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## گۆرانی هەڵبەستەوان

کاتێ گیتارەکەم لەسەر ئاوازی پچڕ ڕائەهێنا

هەستم لێ ڕابوو.

چۆن بزانم

ئەو گۆرانییانەم هەڵپەی لای تۆیانە

بۆسەر لێواری نادیار؟

هەر کە نزیک بوویتەوە لێم،

گۆرانییەکانم لەسەر ترپەی هەنگاوی تۆ کەوتنە سەما –

و بەو یەکگرتنە،

شنەی خۆشیم گەیشتە لوتکە،

بەسەرزەمینا بڵاوبووەوە

و گوڵەکانی ئەکرانەوە، ساڵ لەپاش ساڵ.

لەگۆرانی هەڵبەستەوانا

کێشی هەڵبەست دەس ئەپێون

بۆ پێشوازی لە بەخششی ئاینده.

دیار، لەم بوونەیا،

چاوشارکێ ئەکا لەگەڵ نادیار.

www.koskikurd.com

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## پەنهانی بەرز

ئۆقیانی ئاشتی لەبەرچاوم فراوانە.

بیبڕە، کەشتیەوان، شەپۆلی دەریای فراوان؛

تۆ ئەبیتە هاوڕێی هەمیشەیی من –

باوەش، دەی، بەهەردوو باڵ لەئامێزم بگرە.

ئەستێرەی بەیان ئەدرەوشیتەوە

ڕێگای بەرەو ئەزەل ڕۆشن ئەکا.

ئەی خۆای ئازادی،

بەخشش و بەزەیی تۆ

گەنجینەن خۆراکن بۆمن

لەگەشتی بەرەو ڕۆخەکانی ئەزەل.

با گرێکانی زەوی بکرێنەوە،

و بوونی مەزن بمگرێتە ئامێز،

ئەوسا بێ ترس لێم ئاشکرا ئەبێ

پەنهانی بەرز.

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

www.koskikurd.com

## گۆرانی بۆتۆ

### 1

منت بێپایان کرد – چێژی تۆ لەوەدایە.

ئەو بادە ناسکە ـ هەمیشە تۆ لێی ئەنۆشی، و هەردەم پریەکەیتەوە لەژینی تەڕ.

ئەو شمشاڵە چکۆلە قامیشە ـ پێتبوو بۆ گەشتی گرد وتەختایی، وفووی ئاوازی بێهاوتات بەکونیا کرد.

بەدەسگرتنێکی ئەزەلیت دڵە چکۆلەکەم لەڕادە بەدەر، شادبوو، و باڵی گرت بەدەم درووودی تارماوییەوە.

بەڵام بەخششی بێپایانت، لە ناولەپە چکۆلەکانم بەولاوە چیتر شکنابەم پێی بگرمەوە؛ وا تەمەن ئەڕوا، وتۆ هەر فێنکاییم پێ ئەبەخشی، هێشتا هەر شوێن ئەمێنێ چاوەڕوان بێ بۆ پڕبوون.

### 2

کەفرمان ئەدەی گۆرانی بڵێم، هەست ئەکەم وا دڵم لەخۆشیا لەت ئەبێ، و کە لەچارەت ئەڕوانم، فرمێسک ئەپەڕێتە ناوچاوانم.

هەرچی دڵتەنگی و نەفرەت لەژیانمایە ئەتوێنەوە و ئەبنە ئاوازی خرۆش، و وێردم لەخۆشیا وەک مەلێکی زۆر دڵگەش بەسەر دەریایا باڵ ئەکوتێ.

من ئەزانم گۆرانیەکانمت پێخۆشە، وئەیشزانم بۆم هەیە، وەک ئاوازخوێن، خۆم لەبەردەمتا بنوێنم.

من، نووکی باڵە کراوەکانی ئاوازم، لەو پێیانەت ئەخشێنم کە هیچکات نەگەیوومەتە ئامانجی پێگەیشتنیان.

من خۆم لەبیرئەچێ، کە بەدەم گۆرانییەوە سەرخۆش ئەبم، بانگت ئەکەم:

- هەڤاڵ، تۆ، سەروەرەکەم.

## 3

بەڵام دەنگدانەوەی گۆرانی من چۆنبێ لەپۆلی ئاوزتا، مامۆستاکەم، هەرگیز لێی نەگەیشتووم، هەر ئەوەم پێئەبڕێ هەمیشە لەبەزمێکی بێدەنگا گوێگربم.

تیشکی مۆسیقات ڕۆژگار ڕوون ئەکاتەوە، و هانیسکی مۆسیقاکەت، ئەکشێن، ئاسمانە وئاسمان.

ئەو شەپۆلە پیرۆزەی لەمۆسیقای تۆوە دەردێن دیوارە بەردەکان ئەبڕن و تیژ بەدەنگی بەرز ملی ڕێ ئەگرن.

دڵم پەرۆشە بۆ پەیوەستی گۆرانی تۆ، بەڵام بێهوودە هەڵپە ئەکا وناگات بەو دەنگە؛ ئەمەوێ بدوێم، بەڵام لەڕستەی وشەکانمەوە هیچ گۆرانییەک دەرنایە، ئەوجا ئەگریم وئەناڵێنم، پەشۆکاو.

ئای، مامۆستا، کە دڵی منت بەو تۆڕی مۆسیقایە بەند کردووە ولەدوا نایە.

## 4

گیانی گیانم، هەمیشە ئەمەوێ لەشم پوختە ڕاگرم، گەر ئەزانم دەسهێنانی زیندووی تۆیە دێ بەسەر لەشما و سستی لەگشت ئەندامیا ئەڕەوێنێ.

ئەکۆشم هۆشم لەگشت پووچییەک دوورگرم، گەرچی ئەزانم تۆی ئەو ڕاستییەی وزەی ڕاستی لەمێشکی منا ئەهەژێنی.

هەردەم ئەکۆشم دڕی لەناودڵی خۆم ڕامالم، وئەوین بەخەرمانی گوڵ ڕاپەڕێنم، گەرچی ئەزانم تۆی دانیشتووی ناو چمکێکی نادیاری دڵم.

هەروا ئەکۆشم شکۆی تۆ لەگشت کارەکانما دەرخەم، گەر ئەزانم وزەی تۆیە من پڕهێز ئەکا بۆ ئەوکارە.

## 5

لەتۆم ئەوێ بمبەخشی، و ماوەم بدەی لەتەنیشتا پشوو بدەمم؛ ئەوجا ئەوکارانەی دەستم دابوونێ تەواو بکەم.

ئەودڵەم کەناتواناى بینینی ڕووتە نائارمە و ناسرەوێ، و هەڵپەی من تەنها ئەشکێکە پەیوەست بە یەک دەریا ئەشکی بێ سنوور.

ئەمڕۆ هاوین گەییە بەر پەنجەرەکەم، لەگەڵ هەناسە و چرپە، و کۆی هەنگی پێشبڕکێکەر بوونە ئەوینی چەپکە گوڵ.

وا کاتی سەیرانە، و ڕووی من بەرانبەر ڕووتە، ئێستا کاتی ئەو گۆرانییانەیە کە ژیان ئەیانبەخشێ بە بێدەنگی و بەتاڵایی پڕپێز.

## 6

ئەو گۆڵە چکۆلەیە بقرتێنە، خێرا بیگرە، تا سیس نەبووە و گەڵای نەوەراونەتە سەر خۆڵ.

ئەگەر لەچەپکەکەیشتا جێی نابێتەوە ئازاری مەدە، بەگوشینی دەست، کە ئەویش، هەر شانازییە: لێیکەرەوە.

ئەترسم پێش من پێ بزانم ڕۆژ ئاوابێ، وکاتی پێشکەشی ودیاری نەمێنێ.

ئەگەرچی ڕەنگی ئەو گوڵە کاڵ وکرچە، وبۆنی کەمە، بیبە بیخەرە ژێر فرمانی خۆت ولەکاتی خۆیا لێیکەرەوە.

## 13

تائەمڕۆ لێوەکانم ئەو هەڵبەستەی نەیچڕیوە کە ئەبوو بیکەم بەگۆرانی – ڕۆژانێکە خەریکی ڕێکخستنی تەڵەکانی تار وخاوکردنەوەیانم.

www.koskikurd.com

لیَدانی ڕاستم بۆ هەڵنەکەوت – وشەکانم باش بۆ ڕێکنەخرا؛ بەڵام پێموایە هەر وەک ئاوات لەدڵما ئەمێنێ.

خونچە هێشتا نەکراوەیە، بەڵام هەر با بەلایا ئەشنێتەوە.

چارەیم نەدی، گوێم لەدەنگی نەبوو، بەڵام گوێم لەترپە ئەسپاییەکانی هەنگاوی بوو بەبەر ماڵما.

گشت ڕۆژگاری ژیانم بەسەربرد، تا لەماڵەکەما شوێنی دانیشتنی ڕێکخەم؛ بەڵام چراکەم هەر بۆ هەڵنەگیرسا بۆیە نەمتاونی بانگیکەمە ناو ماڵەکەم.

شکۆی بەیەکگەیشتنی ئەو لای من ژیانە، بەڵام ئەو بەیەکگەیشتنەم هەر بۆ نەبوو.

## 102

بەڵێ، لەناو کۆمەڵا شانازیم کرد بەوەی ناسینی تۆم بۆ لواوە. ئەوان وێنەی تەواوی تۆ لەڕەوشی منا ئەبینن. لێم نزیک ئەبنەوە وئەپرسن: ئەوە کێیە؟ نازانم و بەس: ـ بەڕاستی ناتونم هیچ بڵێم.

ئەوان گلەیی ئەکەن، و هەروا سەرزەنتم ئەکەن. بەڵام تۆ، لەو دوورەوە، هەر بزەی لێوانت دێ.

لەگۆرانییەکانما بێهاوتا ناومهێنای، نهێنی دڵی خۆمم دەربڕی وئاشکرام کرد. لێم دێنەپێش وئەپرسن: ـ بەتەواوی پێمان بڵێ ئەوە جیئەگەێنێ؟

من لەوەبەولاوە هیچ نازانم:

ـ ئەبێ کێ بزانێ ئەوە چی ئەگەێنێ؟

ئەوان پێئەکەنن، زۆر سووک لێم ئەڕوانن، ئەوجا لێمئەگەڕێن. بەڵام تۆ، لەو دوورەوە، هەر بزەی لێوانت دێ.

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## ئاسمانی تۆ نهێنی دڵمە

ئەی ئێشکگری بەدرێژایی ڕۆژگاری ئەزەل، گوێرایەڵی ترپەی ئەو هەنگاوانەمی کەلێت نزیک ئەبنەوە، هاوکات ڕووی پیرۆزت وەک بەری بەیان دەرئەکەوێ، و لەگەڵ خەرمانەی تیشکا دەرئەپەڕێ.

هەرچەنە من پتر لێت نزیک بمەوە، کوڵی بزەوتی سەمای دەریا پتر ئەجۆشێ.

ئەم زەمینە، لەنێو دەسەکانتا، چڵەتیشکە وپەرۆش بەوەی چنگەکانت پڕکا.

بەڵام ئاسمانی تۆ وا لەتوێیەکانی دڵما، خونچەی چرۆ ئەکەن، بەئەسپایی، وەک ئەوینی زیندوو.

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## ڕەوتی مناڵ

منالی بچووک ئاگای لەگشت جۆرەکانی وشەی ڕاستە، بەڵام کەمن ئەوانەی لەم سەرزەمینە لەڕەوتی ئەو بگەن.

لەخۆڕایی نییە کەئەو نادوێ،

ئەو تامەزرۆی ئەو وشانەیە کە لەلێوی دایکی دێنەدەر تا فێریانبێ، بۆیە سادە و بێگەرد ئەنوێنێ.

هەرچەنە منالی بچووک خاوەن چەن کۆمەڵە زێر و مرواریییە، ئەوجا وەک گەدایەک هاتووەتە سەر ئەم زەمینە

بێهۆ نییە کەڕواڵەتی خۆی ئەشارێتەوە.

بەڵێ. ئەو گەدا چکۆلە بەتوانا ڕووتە خۆی زۆر زەبوون ئەنوێنێ تا ڕێخۆشکا بۆ دەرکێشانی ئەوین لە گەنجینەی دایکی.

ئەو منالە بچووکە ئازاد ودوور لەگشت کۆتێکی سەر ئەو زەمینەی مانگێکی چکۆلەی بەرزی بەسەرا ئەدرەوشێتەوە.

ئەو ئازادییە بێهوودە لەدەسنادا.

www.kokikurd.com

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## بێدەنگی سروشت

‘‘......................

......................‘‘

و ئازار وتی: گۆشەی بێدەنگی قووڵ ئەگرم وەک جێپێی هەنگاوی ئەو

ژیانم لەوڵاما وتی: من ئەمرم ئەگەرچی لەلووتکەی پێگەیشتنیشابم.

زەوی وتی: لەگشت چرکەیەکا تیشکی من خۆ لەبیرۆکەکانت ئەئاڵێنیێ.

و ئەوین وتی: ڕۆژان ئەڕون ومن هەر چاوەڕوانم

و مردن وتی: من بەلەمی ژیانت بەناو دەریایا تێپەڕ ئەکەم

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## گۆرانیەکەم

ئەم گۆرانیەم ..

مۆسیقای خۆیت لێ ئەئاڵێنێ،

هەروەک دەسی ئەوینی ئاوات.

ئەم گۆرانییەم ..

ماچێک لە تەوێڵی تۆ ئەگرێ،

ڕۆڵەکەم کەتەنیابێ ڕاتئەژەنێ

گۆرانیەکەم ..

لەناو کۆمەڵ بەگوێتا ئەچرپێنێ

گۆرانیەکەم ئەبێتە دوو باڵ ئەتفڕێنن بەرەو ئاوات،

لەڕۆخی نادیارت دەرباز ئەکەن

گۆرانیەکەم ..

وەک ئەستێرەی دڵسۆز ئەبێتە ڕێنمات ،

ڕێگەی شەوەزەنگت بۆ ڕوون ئەکا.

گۆرانیەکەم ..

لەناو بیلبیلەی چاوانتا ئەنیشێ،

هەرکاتێکیش مردن نوتکەم لێببڕێ

لەدڵی زیندوما دێتە زمان

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## هەروا تاگوور ئەڵێ

www.koskikurd.com

تۆ کێی ئەی خوێنەری

پاش سەدساڵ ڕستەکانم ئەخوێنییەوە،

ناتوانم بۆتی ڕەوانەکەم

یەک گوڵ لەبەری ئەم بەهارە گوڵاوییە،

تەنانەت یەک تاڵەدەزوویش

چۆڕاوەبێ لەهەوری دوور،

دەرگاکەت بخە سەرپشت

و لەملاولات بڕوانە

و لەباخی پڕگوڵت

یادەوەری بۆنخۆش بچنە،

لەوگوڵانەی سەدساڵ لەمەوبەر وشک بوون،

و لەخرۆشی دڵتا

ئەتوانی گوێ شلکەی بۆ شادی زیندوو

لەو گۆرانییەی من لەبەرەبەیانێکی بەهارا چڕیم

دەنگی شاد وخرۆشت ئاراستەکەی

بۆ قووڵایی سەدەها ساڵ

بخور لەگوڵاوا ئەتوێتەوە

گوڵاو ئەتوێتەوە تا ئاوێتەبێ لەگەڵ بخور

و ئاواز ئەیەوێ باوەشکا بە ڕیتما

و ڕیتم زۆرجار لەنا ئاواز خۆیدەرئەخا

و بیرۆکە لەوێنەیا بۆ ڕواڵەتی خۆی ئەگەڕێ

و وێنە لەبیرۆکەیا بۆ سەربەستی ئەگەڕێ

و بێکۆتایی دەستەخشکە بۆ کۆتایی ئەگەڕێ

و کۆتایی لەناو بێکۆتاییا بۆ ئازادی ئەگەڕێ

ئەوە چ کارەساتێکە ڕوودەدا لەنێوان دروستبوون ووێرانکاری

و هەمان بار لەنێوان بیر ووێنە

کۆیلەێتی بەرەنگاری سەربەستییە

و سەربەستی لەتوێی کۆیلەییا بۆ ئارامی خۆی ئەگەڕێ

خۆشەویستەکەم

وەرە بەهەنگاوی کپ

وەک ئەوەی لەخەوابیت.

کەئەو ڕۆیشت ودەرگاکە جیرەیهات

ڕاپەڕیم تاپێی بڵێم بگەڕێوە

www.koskikurd.com

بەڵام خەونەکە بێقەوارە بوو
لەتاریکییا تواوەیەوە
و لەرزەی چراکە لەدوورەوە
وەک ئاسۆی سوور لەخوێن ئەچوو

ئای خوایە
من ئەوینی
ئاسودەیی ناو کێڵگەی ئەو دارگەزانەم
کەڕیزبوون تا ڕۆخی ئاسۆ
و ئەو دەنگە بەرگرەی
ئەکەوێتە ناو شینایی سامآڵ
و ئەو دۆشەی ئەشنێتەوە بە
شەپۆلی ئاوازی
کەنارە دابڕاوەکەی ڕوبار
لەوەئەچەە کەپرەکەم لەبەر گێژەڵی بابێ ولەگشت لاوە
ئاسمان وئابڵووقەی تیشک
ئاسوودەیی، خۆشی، وشادی،
لەگەڵ ئەوەیش کە گەییە لام
پەیامبەرەکەت بەبانگەوازی پرشکۆوە
ئاوتمخواست ئەو هێزم پێ ببەخشێ

بەدرێژایی مانگانی زۆر
و بەنرخێکی گران
چەن وڵات گەڕام
ڕۆیشتم تا ئۆقیانەکان ببینم
بەڵام بیرم نەکردەوە
لەو دڵۆپە ئاونگە جوانەی
بەسەر گوڵەگەنمی
بەردەرگاکەمەوە بوو

بەرەبەیان هاوارم کرد
وەرن، بمکڕن
کە بەجادەی تەختا ئەڕۆیشتم
شایەک بەشمشێری ڕووتەوە دەسی گرتم و وتی:
من بەوهێزەی خۆم ئەتکڕم

www.koskikurd.com

هێزی ئەو یەک پوولی نەکرد
سواری چەرخەکەی بوو گەڕایەوە.
قرچەی نیوەڕۆ
دەرکی ماڵەکان داخراو
من بەڕێگەیەکی پێچاویا ئەڕۆیشتم
پیاوێک بەیەک کیسە زێڕەوە هاتەدەر
لەمنی ڕوانی و وتی:
بەپاراکانم ئەتکڕم
پارچە پارچە پارەکانی هەڵسەنگان
بەڵام من هەر ملی ڕێم بەرنەدا.
ئێوارەبوو
پەرژینی باخ بەگوڵ پۆشراو
کیژۆڵەیەکی جوان دەرپەڕی و وتی:
من بەزەردەخەنەی خۆم ئەتکڕم
بەڵام زەردەخەنەی ئەو پوکایەوە
و کەوتە فرمێسک ڕشتن
و بەوتاریکییە هەر بەتەنیا گەڕایەوە.
کەخۆر بەسەر لمەکانا ئەبریسکایەوە
و شەپۆلی دەریا بەکەف وکوڵ ئەشکانەوە
منالێک دانیشتبوو بەقاقڵە یاری ئەکرد
سەری ڕووەو من هەڵبڕی
وەک ئەوەی من بناسێ
وتی:
من بەخۆڕایی ئەتکڕم
لەوچرکەیەوە منی
بەو بەڵێنەی بەدەم یارییەوە بەستی، کرد بە
مرۆڤێکی ئازاد

ئەقیژێنن و لەیەک ئەدەن
سکاڵاکەر و دەسخەڕۆن
و شەڕوشۆڕیان دوایی نایە
باژیانی تۆ لەنێویانا
کورەکەم
وەک گڕەتیشک
ڕوون و داغ بێ

www.koskikurd.com

ئەفسوونەکەی سەرسامیان کات

ئەوان دڵرەقن

و خۆویست وچاوچنۆک

و وتەکانیان وەک چەقۆی شاراوە

تینوی خوێنە

بچۆ کورِم لەناویان بە

لەناو دڵی گرژیانا

و چاوی بەزەییت بەسەریانەوە

وەک ئاسوودەیی ئاسمانی نیان

بپۆشە بەسەر شەڕوشۆڕی ڕۆژیانا

با لەڕووت وردبنەوە

و لێت بڕوانن کورِم

و لەواتای گشت شتەکان بگەن

وابکە تۆیان خۆشبوێ ویەکتر

ئەوجا وەرەوە جێی خۆت بگرە

کورِم لەناو دڵی بێکۆتاییا

و دڵ بکەرەوە وەک گوڵی بەربەیان

کە ڕوونبەخشە

و کە ڕۆژ ئاوابوو

بێدەنگ کڕنووش بەرە

و نوێژی ڕۆژت تەواوکە

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

لەنامەیەکا بەخۆشەویستەکەی ئەڵێ:

ئەگەر ژیانم گەوهەرێک بوایە ئەمکردە سەد لەت ولەپارچەکانی یەک ملوانکەم ئەڕست تا ملی تۆی پێ ئابلۆوقەدەم،

وئەگەر گوڵێکی چکۆلەی جوان بوایە لەچڵەکەیم ئەکردەوە تا پرچی تۆی پێبڕازێنمەوە.

بەڵام ژیانی من دڵە خۆشەویستەکەم

ئەبێ کامبێ سنووری دڵ؟

گەرچی تۆ نازانی سنووری ئەو شانشینیە کامە هەر تۆ شاژنی لەوێ.

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

ئەو بە هەڵبەستەوانان ئەڵێ: ڕاپەڕە و قامچییەک بدە دەست ئەو چرووچاوە چرچ، لاڵ، وبێفەڕانە وئاواتێک بخەرە ناو ئەو دڵە شکست، بەتاڵ، وماندوانە... بەڵکوو سەرهەڵبڕن وببنە بەرگر و خۆڕاگر.

www.koskikurd.com

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

# لەوتە نەستەقەکانی تاگوور

- لەژیانا سەرین نییە بەڕادەی ئامێزی دایکم نەرم.
- لەزەردەخەنەی ژنا: شکۆی ژیان وقەشەنگی ئەو ئەبینی... و لەچاوەکانیا ژیری وقووڵایی.
- کەپیاو ویستی سەرخۆش بێ کارەساتە گەر بەدڵی ژنەوە بیگرێ!!.
- کەژن ئەویندار ئەبێ... ئەوینی لا ئەبێتە ئاین، وخۆشەویتەکەی وەک پیری موغان ئەپەرستێ.
- باوەڕ بە ئەوین بهێنە ئەگەر ئازاریشت پێ بگەێنێ.
- جوانی واتە خۆشەویستی، هەرچیت خۆشبوێ ئەوە جوانە.
- مەبەست لەئەوین نە ئازارە و نە خۆشی بەڵکو هەر ئەوینە.
- خۆشەویستی ئاوات لەدڵا ئەڕوێنی وگشت برینێک سارێژئەکا.
- شتە چکۆلەکان پێشکەشی بەخۆشەویستم ئەکەم.... بەڵام گەورەکان بەگشت.
- جێی داخە ببینی دانایەک ئەیەوێ خۆی تێگەیشتوو نیشاندا، وەک ئەوەی پێغەمبەرێک بەکەوای شۆڕ وزەنگەوە بێتە بەرەوڕووی کۆمەڵێکی سەرسام.
- ئەمر ئەوانەنین کە کاری مەزن ئەنجام ئەدەن، بەڵکو ئەوانەن کە ڕێگە خۆشەکەن بۆ ئەوانی پاش خۆیان کاری مەزن ئەنجامدەن.
- هەرچی لەمرۆڤ وردئەبمەوە تا بیناسم، پتر خۆشەویستیم ئەچی بۆسەگ ورێز بۆ ئەمەکی دائەنێم.
- سپاسی چرا بکە کەڕوناکی ئەبەخشێ بەڵام چراهەڵگر لەیادمەکە کەبەدڵێکی ئارامەوە لەسێبەریا ئەوەستێ.
- داگیرسانی یەک مۆم لە شەوەزەگا چاکترە لەهەزارجار نەفرەت لەتاریکی.
- بێفەڕ لە هەرگیزنابێی پرسی: لەکوێ ئەژیت: وتی لەخەونەکانی تاگوورا.
- کەتۆ دەرگا لەڕووی ساختە وهەڵەشۆیی دابخەی ڕاستیشت پێناگا.
- نزیکبوون لە مەزنی بەڕادەی نزیکبوونەوەیە لە لەخۆبووری.
- بۆ ئێستات مەگری چونکە گشت سامانی تۆ لەئایندەدایە.
- ئاوات ئەو مەلەیە کەپێش دەرکەوتنی خۆر ئەخوێنێ.
- ئەو لەتە نانەی هەتە بیفرۆشە و بەنرخی گوڵ بکڕە.
- سپاس بۆ دڕک کەزۆری لێوە فێربووم.
- لەگەڵ مشتا هەرگیز تەوقە ناکرێ.

www.koskkurd.com

~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~ ~

## رابەندرانات تاگوور

ئەو فەیلەسوف و دانا مەزنەی هیند ساڵی 1857 لەبەشە بەنگاڵییەکەی شاری کەلکوتا لەدایک بووە وزانستی لەناو ماڵی خۆیانا وەرگرتووە لەسەر دەسی باوکی دیندرانات و براکانی ومامۆستایەک بەناوی دڤیجندرانات کەزانا ونووسەری شانۆیی وهەڵبەستەوان بووە، فێری زمانی سانسکریتی کەزمانی دایک و کلتووریەتی وئینگلیزی بووە. ساڵی 1913 یەکەمین کەسی ڕۆژهەڵاتی بوو خەڵاتی نۆبڵی پێبەخشرا، ولە ئاهنگی ئەو بۆنەیەدا وتاریک خوێندووەتەوە، تیادا ئەڵێ:
دایکم منی کردووە بەو مرۆڤەی ئەمڕۆ ئێوە خەڵاتی ئەکەن، ئەبێ من گومان لەوەنەکەم کە یەکێک لەسەر خاکە زێڕینەکەی بەنگاڵ بژی ودایکێکی وەک ئەوی منی هەبێ نەبێتە وێژەر یان ڕۆماننووس... لەوکاتەوە چاوم لەبەر ڕوە ژێرەکەی ئەو هەڵهێناو دەستم بەگشت شتێکا گەیشتووە... ئەستێرە... مانگ... درەخت، وبەهۆی ئەوەوە باوەشم بەگشت بوونەوەرە جوانەکانی خوایا کردووە... دایکم یەکەم کانی خۆراک بوو کە لەشی ئەبووژانمەوە ویەکەمین سەرچاوەبوو بۆ دڵ و دەرون ڕوونی من...

ساڵی 1941 کەجەنگێ جیهانگیری دوو سەریهەڵدابوو، هێشتا ئینگلیز خاکی هیندوستانی جێنەهێشتبوو، و پاکستان و بەنگلادیش لە هیند جیانەبووبوونەوە، تاگوور بەدیدێکی ڕوونەوە لەسەر جێی مەرگ ڕاکشاوە لەچاوەڕوانی ماڵئاواییا، لەکاتی هەشتاهەمین ساڵڕۆژی لەدایکبوونیا سەرهەڵئەبڕێ و ئەڵێ:

کەچاو بەملاولایا ئەگێڕم ئەبینم شاری لەخۆبایی وا وێران ئەبێ و پرش وبڵاو کۆمەڵی پڕوپووچی و بەرەڵایی لەشوێن جێئەمێنێ، بەڵام ئەوە چۆک بەمن دانایا باوەڕم بە مرۆڤ نەمێنێ؛ چونکە من بەزۆری چاوم لەڕۆڵێکی نوێی ترە لەو ڕۆڵانە ی مێژووی ئەو ئەیبینێ، وکە کارەسات بەسەرچێ ودۆخ بگەڕێتەوە ڕەونەقی جاران هاوئاواز لەگەڵ ژیانی بەرژەوەندی وخۆبەختییا(...) ئەگەنە ئەوڕۆژەی مرۆڤ، ئەو بوونەوەرە مەزنە، سەرەڕای گشت کۆسپ و تەگەرە، ڕەوڕەوەی سەرکەوتن بگرێتەوە دەس تا گشت پاشکۆ مرۆڤایەتییە بزربووەکان ببینێتەوە.

* * * * * * * * * *

تێبینی: جگە لە ( گفتوگۆ لەگەڵ خوا) کە لەفارسییەوەیە، گشت ئەوانی ترم لە ماڵپەڕی عەرەبی جۆراوجۆرەوە وەرگرتووە کە زۆریان ناوی نووسەرەکەیم بۆ ئاشکرا نەبووە بۆیە نەمنووسیون.

ئێستا ئەکۆشم خودی سەرچاوەکانم دەسکەوێ، ئەگەر تەمەن ماوەم بدا بەرەبەرە بەرهەمەکانی ئەو پیاوە ناودار ومەزنە ئەکەم بەکوردی و هەر لەم ماڵپەڕەدا پێشکەشی ئەکەم بەگشت ڕۆشن وڕەوانبیران.

**گۆمەیی**

**ڕەشەمێ 2706**

www.koskurd.com